**The Center of Halabja**
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

**Nawendi Helebce**
*Dj be Enfalkirdin u Ginosaydi geli Kurd*
*CHAK*
chak_org@yahoo.com

## بۆ بەدادگایی گەیاندنی عەبدوڵڵا هەمزە ئاغا پێویستمان بە زانیاری و هاوکاری ئێوە هەیە

**ناوەندی چاک – دانیمارک**
2007/2/20

عەبدوڵڵا هەمزە ئاغا خەڵكی ناوچەی پشدەر، لە ساڵی 1986 فەوجی جاشایەتی ژمارە 121 ی وەرگرتووە، بە پێی چاوپێكەوتنێكی خۆی و بە دانپێنانی خۆی لەهاوینی ساڵی 1988 دا، بەشداری لە هەموو شاڵاوەكانی ئەنفالەكاندا كردووە، شانازی بە بەشداریەكەی دەكات و پیرۆزبایی لە سەدام حوسێنی دیكتاتۆر دەكات. عەبدوڵڵا هەمزە ئاغا لە 90 ەكاندا دێتە وڵاتی دانیمارك و مافی پەنابەری وەردەگرێت. لە دانیمارك ئەندامی پارتی دیموكراتی كوردستان بووە و بۆ ماوەیەكیش بەرپرسی رێكخستنی پ.د.ك. بووە. بەپێی زانیاریەكان ئێستاش ئەندامی پارتییە.

هەروەكو ناوەندی چاك بەدادگا گەیاندنی تاوانبارانی ژینۆسایدی گەلی كورد بە ئەرك دەزانێت، هەموو ئەوانەی بەشداری ژینۆسایدی ئەنفالیان كردووە دەبێ بدرێنە دادگا، ئەو كەسانە لەهەر كوێ بن و سەر بەهەر پارت و لایەنێك بن، دەبێ بدرێنە دادگا. عەبدوڵڵا هەمزە ئاغا یەكێكە لەوانەی دەبێ بدرێتە دادگا. تەنها دادگایەكی ڕەوا و بێلایەن دەتوانێ تاوانباری و بێتاوانی ئەو كەسانە دیار بكات.

بەهۆی ئەوەی ئەو كەسە لە دانیمارك نیشتەجێیە، ئێمە لەو وڵاتەدا بەپێی ئەو پڕۆسە قانونیانەی هەن، ڕێگای هەوڵەكانمان دەگرینەبەر بەمەبەستی بەدادگایی گەیاندنی ناوبراو لەسەر تاوانی ژینۆساید، تاوانی جەنگ و تاوان دژ بە مرۆڤایەتی.

لەبارێكدا ئەگەرهاتوو دادگاییەكە لە كوردستان بەڕێوەبچێت، ئێمە هەوڵدەدەین لە ڕێگای پۆلیسی ئەنتەرپۆل و لایەنە بەرپرسەكانی وڵاتی دانیمارك ئەو ئەنفالچییە بگوازرێتەوە كوردستان.

سەبارەت بە هەوڵی بەدادگا گەیاندنی عەبدوڵڵا هەمزە ئاغا، داوا لە هەموو خەڵكی دڵسۆزی كوردستان دەكەین كە هەرچی زانیاری و دەكومێنتیان لەسەر ناوبراو هەیە، بۆمانی بنێرن. بەتایبەتی ئەو خێزانانەی بەدەستی ناوبراو زیانیان پێكەوتووە و بەدوای داددا دەگەڕێن، بە زووترین كات هەرچی هەیانە لەمبارەیەوە بۆمانی رەوان بكەن. خاوەنی قوربانیەكان لەهەر كوێیەك هەن، دەتوانن سكاڵای قانونی لە دژی ناوبراو تۆمار بكەن. تكایە یارمەتیمان بدەن و بابەیەكەوە كەسانی بەشدار لە ژینۆسایدی گەلی كورد بدەینە دادگا.

**ناوەندی چاك-دانیمارك**

بۆ زانیاری زیاتر سەیری چاوپێكەوتنەكە لە ساڵی 1988دا بكە:

# چاوپێکەوتنێک لەگەڵ بەڕێز عبداللە حمزە ئاغا

## ڕاوێژکاری فەوجی ١٢١ی بەرگری نیشتمانی



٨ی ئاب ڕۆژی سەرکەوتن شوێنێکی تایبەتی هەیە لە دڵ هەمووان . عیراقیەکان بێجیا لەسەروو ئالودەکو خوارو و دڵخۆش و شادی خۆیان بەم بۆنە پیرۆزەوە دەربڕی . خۆشەویستی خۆیان بەرانبەر بە سەرکردەی سەرکەوتن و ئاشتی سەرۆک صدام حسین - خوایپارێزێ - دووپات کردەوە . بە بۆنەی شاهەنگەکانی ئەمڕۆ و ڕۆژی سەرکەوتن و ئاشتیدا چاومان بە یەکێ لە فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی کەوت و ئەم گفتوگۆیەمان لەگەڵ شێخ عبداللە حمزە ئاغا سازکرد و وتی :

- لە ١٩٨٦/٣/٢٥ فەوجەکەمان دامەزرا .

- ژمارەی جەنگاوەرەکانمان ١٥٠٠ کەسە

- دوو ساڵە لە ناوچەی چوارتە بووین هەروەها لە جەنگی ماوت بەشداریمان کرد

فەوجەکەمان لە جەنگەکانی فەوو ئەنفالەکان بەشداری کردووە لە بنگرد و سەرگەڵو هەروەها لە قەرەداغ و لە ناوچەی سنگاو وقادر کەرەم . و ئەنفالەکانی ئەنفال لە ناوچەی بلبسان .

وزەی دوژمن زۆر ئاواز بوو وە ماوەی ٥ سەعات ناوچەکەمان پاکسازی کرد

- پارەمان بۆ بنیات کردنی قەلاو بینا کردنی قوتابخانە پێشکەش کردووە ئامادەین بۆ بەشداری کردن لە بنیاتکردنی شاری قەلاوی خۆشەویستدا

- فەوجەکەمان نیشانەی ئازایەتی وەرگرتووە هەروەها چەن جاریش ڕێزو سوپاسمان وەرگرتووە

بە بۆنەی ڕۆژی سەرکەوتن و ئاشتیەوە بە ناوی خۆم و هەموو جەنگاوەرانی فەوجی ١٢١ی بەرگری نیشتمانی جوانترین پیرۆزبایی لە سەرکردەی ئاشتی و سەرکەوتن سەرۆک صدام حسین - خوایپارێزێ - دەکەم و داوا لە خوای میهرەبان دەکەین کە تەمەنی درێژبێ .

سروە قەرەنی